

یەکێــك لــە میوانەکانــی هەشــتەمین فیستیڤاڵی ئازادی و نەورۆز کچە هونەرمەندی لوبنانــی میریام فارس بوو، لــە ئاهەنگێکی جەماوەریی بەرفراواندا جەماوەری هێنایە جۆش و خرۆش، بەر لە سازکردنی ئاهەنگەکە میریام فارس کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی رێکخست و تێیدا تیشکی خستەسەر سەردانەکەی.





میریام فارس:

# لە زۆر رووەوە کەلتووری ئێمە و ئێوە لە یەکەوە نزیکە

لە سەرەتای کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەدا میریام فارس هیوای خواست کە بیزانیبا بە کوردی قسە بکات و وەڵامی رۆژنامەنووسان بداتەوە و وتی: من زۆر خۆشحاڵم و زۆریش شانازیی بەوەوە دەکەم کە رۆژێك لە رۆژان توانیم سەردانی ئەم وڵاتە جوانە بکەم، من زۆرم دەربارەی ئەو وڵاتە و شارستانییەتی و رەسەنایەتیی گەلەکەی بیستبوو بۆیە تامەزرۆ بووم بۆ بینینی، شانازیتان پێوە دەکەم و هیوادارم لە سەردانی داهاتوومدا بتوانم فێرە زمانی کوردی بم ئەگەر کەمێکیش بێت، چونکە کوردیش خاوەن کەلتوورێکە کە ئێمە شانازیی پێوە دەکەین، من بەر لەوەی سەردانی هەر شوێنێك بکەم هەوڵ دەدەم زانیاریم دەربارەی هەبێت لەوانەش ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆزی جەژنی کوردان و هیوادارم هەمیشە ئازادی لە کوردستان بەرپا و بەردەوام بێت.

لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە بەشداریی کردنی لە فیستیڤاڵی ئازاد و نەورۆز و ئایا زۆر بیری کردەوە یان هەر زوو رەزامەندی دەربڕی لەسەر بەشداریی کردنی، میریام وتی: ئەوەی راستی بێت چەندین جاری دیکە داوام لێکراوە سەردانی هەولێر بکەم بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتی هونەری، بەڵام من ویستم لە دەروازەیەکی بەرینەوە بێم و مەبەستم لەم فیستیڤاڵە گەورەیەیە کە پارێزگای هەولێر ئەنجامی دەدات و زۆریش خۆشحاڵم بە بانگهێشت کردنم بۆ ئەم فیستیڤاڵە.

میریام بەوە ناسراوە زۆر حەز لە تێکەڵ بوون و ناسینی شارستانییەتە جۆراوجۆرەکانی میللەتان دەکات بۆیە لە وەڵامی پرسیارێکی دەربارەی ئەوەی ئایا بەر لەوەی بێتە هەولێر هیچی دەربارەی شارستانییەتی کورد زانیوە وتی: بێگومان زانیاریم دەربارەی کورد هەبووە، چونکە من کەسێکم زۆرم حەز لە ناسینی شارستانییەتە جۆراوجۆرەکانی میللەتان و فەرهەنگ و کەلتووری میللەتان هەیە بەتایبەتی کەلتوورە رۆژهەڵاتییەکان و بە نزیکی دادەنێم لە شارستانییەتی وڵاتەکەی خۆم بۆیە تامەزرۆ بووم بۆ سەردانی کوردستان و لە نزیکەوە ئاشنا بوون بە میللەتی کورد و کەلتوورەکەی، میریام ئاماژەی بەوەش کرد کە گوێی لە گۆرانی کوردی گرتووە و ریتمی گۆرانییە کوردییەکان زۆر سەرنجیان راکێشام و هەستم کرد تێکەڵییەکی زۆر هەیە لە میلۆدی و ریتمەکانی گۆرانیی کوردی وەك ئەوەی لەلای ئێمە هەیە لە لوبنان، بەڵام زۆرم حەز لە موزیکی کوردی کردووە، رەنگە لە زمان و هەندێك شتی لەو شێوەیە جیاوازیمان هەبێت کە ئەمەش خاڵێکی جیاکەرەوەی نێوان شارستانییەتەکانە، بەڵام بە گشتی لێك نزیکبوونێکی زۆر هەست پێکراویش هەیە لە نێوان کورد و لوبنان لە دابونەریت بەتایبەتیش لە موزیك و سەماکان، رەنگە موزیکی کوردی کەمێك خێراتر بێ، بەڵام رێتمەکە زۆر لە یەکدی نزیکە و بە باشی هەستی پێدەکرێ، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکە هەیە کە هەردوو وڵات کۆ دەکاتەوە ئەویش بوونی شاری هەولێر و قەڵاکەیەتی کە تەمەنی نزیکەی هەشت هەزارساڵە لە لوبنانیش بە هەمان شێوە شاری (جیبالیا) و قەڵاکەی هەیە، جگە لەمە لە رووی جوگرافی و نەخشەشەوە ئێمە زۆر لە یەکترییەوە دوور نین.

میریام فارس ئەوەشی نەشاردەوە کە لە دڵەوە هیوا دەخوازێت کلیپێك لە کوردستان تۆمار بکات بەتایبەتی ئەگەر لە نزیکەوە ئاشنایەتی زیاتر پەیدا بێت لە نێوانمان، هەرچەندە هەواڵەکانی پێشکەوتنی هەولێر ئێستا لە هەموو شوێنێك باس دەکرێت و ئەو ئاهەنگانەی لێرە ساز دەکرێن سەرکەوتوون و زۆرێك لە هونەرمەندان لە زۆر وڵاتانەوە دێن و ئاهەنگ ساز دەکەن، بۆیە من هانی وەبەرهێنان دەدەم لە هەولێر و ئێستا هەولێر بە وێستگەیەکی تایبەتی ژیانی خۆم دادەنێم بەتایبەتی دوای ئەم سەردانە.

دەربارەی ئەوەی ئایا میریام حەز دەکات رۆژێك لە رۆژان بتوانێت بە زمانی کوردی گۆرانییەك بڵێت و لەبەرچی حەز دەکات بیڵێت وتی: بێگومان لە دڵەوە حەز دەکەم بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم، چونکە زۆر حەز لە ناسینی کەلتوور و فەرهەنگە جیاجیاکان دەکەم و حەز دەکەم زمانێکی نوێ بزانم و گۆرانیی پێ بڵێم، چونکە ئەگەر ئاگادار بن من بە زاراوەی کەنداو و عێراقی و مەغریبیش گۆرانیم وتووە، بۆیە لە دڵەوە هیوادارم بتوانم زۆر بە باشی بە زمانی کوردی گۆرانیی بڵێم.

میریام هەڵبژاردنی هەولێری وەك پایتەختی گەشتیاری عەرەبی ٢٠١٤ بە دەرفەتێك زانی بۆ ئەوەی هەموو لایەك هەوڵ بدەن زۆرترین سوودی لێ وەربگرن و بە تەواوی بیقۆزنەوە و وتی: پێویستە هەموو لایەکمان سوود لەم دەرفەتە وەربگرین بەتایبەتی ئێوەی کورد، چونکە کاتێك تیشك دەخرێتە سەر شوێنێك و گرنگییەکی تایبەت و زیاد لە پێویستی پێدەردێت لەبەر هەر هۆیەك بێت، زۆر پێویستە هەموو لایەك گرنگی بەم دەرفەتە بدەن و بە تەواوی سوودی لێ وەربگرن و مافی خۆی پێ بدرێت، بۆ منیش هەستێکی زۆر خۆشە کە ئەم ساڵ هەولێر پایتەختی گەشتیاری عەرەبییە و ئەم ساڵ بۆ یەکەم جار من لە هەولێر بۆ ئەوەی بەشداری لە خۆشییەکانی خەڵکی ئەم شارە و جەژنەکانی نەورۆز بکەم و لە دڵەوە جەژنی پیرۆز لە هەموو کوردێك دەکەم، خۆشەویستی من بۆ شارستانییەتەکان وایکردووە کە سەردانی هەر وڵاتێك دەکەم پێش هەموو شتێك دەبێ جلوبەرگی خەڵکی ئەو وڵاتە پەیدا بکەم و بیپۆشم و لەگەڵ خۆمی ببەمەوە و بێگومان جلی کوردیش دەپۆشم و بە شانازییەوە دەیبەمەوە لەگەڵ خۆم.

لە یەکێك لە زنجیرە دراماکاندا کە بڕیارە لە مانگی رەمەزاندا پێشکەش بکرێت میریام رۆڵی تێدا دەبینێت دەربارەی هەڵبژاردنی بۆ بینینی رۆڵ لەم زنجیرە درامایەدا ئایا پێشبینیی سەرکەوتنی دەکات دەڵێ: بەرهەمهێنەری زنجیرەکە پێش ئێستا رایگەیاند کە سەرکەوتنی زنجیرەکەی مسۆگەرە، بەڵام ئەمە بارێکی قورستر و بەرپرسیارییەتێکی زیاتر بۆ من دروست دەکات، چونکە پێشتر زۆر داوام لێکرا بوو بەشداری لە کاری نواندندا بکەم، بەڵام ئەم زنجیرەیە زۆر سەرنجی راکێشام بۆیە هیوادارم چۆن لە گۆرانی و سەما و فەوازیر سەرنجی جەماوەرم بۆ خۆم



راکێشاوە و سەرکەوتوو بووم تێیدا بە هەمان شێوە جەماوەر لە دراماکەش منیان خۆش بوێت و جێگای رەزامەندییان بم، بەرهەمهێنەر باسی ئەوەی کردووە کە من زۆر سەرکەوتوو بووم لە کارەکەدا، بەڵام من پێموایە کچێکی زۆر ئاسایی و هەژار دەتوانێت لە هەر کارێکدا سەرکەوتوو بێت بەهۆی بەهرە و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارەی پێی دەسپێردرێت و رەنگە بەرهەمهێنەریش لەوەدا مەبەستی ئەمە بێت زیاتر لەوەی کە میریام گۆرانیبێژ سەرکەوتووە لە کارەکەیدا.

میریام فارسی باسی لە جوانی خۆی کرد و بە نیعمەتێکی خوای زانی کە پێی بەخشیوە و وتی: جوانی من سروشتییە و دیارییەکی خوای گەورەیە کە بە منی بەخشیوە و من هەمیشە دەڵێم من سەرنجڕاکێشم زیاتر لەوەی جوان بم، چونکە هەست دەکەم جوانییەکەم لەگەڵ یەك گونجاوە و هیچ شتێکی نەنگ بەدی ناکرێت لە لەشی من ئەمەش وادەکات کە زیاتر سەرنجراکێش بم و ئەمەشە وایکردووە کە بە جوانی دەربکەوم.

دەربارەی دەستێوەردانی لە کاری دەرهێنەران میریام روونی کردەوە کە دەست لە کارەکان وەرنادات، بەڵام لە ناو کارەکەیدایە لە سەرەتاوە تا کۆتایی و هەموو بیرۆکە و پێشنیارەکان تاوتوێ دەکات تەنانەت لە بچووکترین لۆك و لۆکەیشنی وێنەگرتنەوە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك هەوڵ بدەن کارەکە سەرکەوتوو بێت، چونکە من حەز ناکەم کارەکەم بچووکترین هەڵەی هەبێت.

لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی بارودۆخی سیاسی سوریا و دابەش بوونی هونەرمەندانی عەرەبی بەسەر دوو بەرەوە یەکیان پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد دەکات و بەرەکەی تریش دژی وەستاوە و داوای نەمانی دەکات و ئایا میریام لایەنگیری کامیان دەکات، میریام بەشێوەیەکی دبلۆماسییەوە وتی: من لە وڵاتی خۆم دەست لە کاروباری سیاسی وەرنادەم و لی نزیك نابمەوە و لایەنگیری هیچ لایەنێك ناکەم، کەواتە چۆن لایەنگیری یان دژایەتی لایەنێکی سیاسی دژی یەکێکی تر دەکەم لە وڵاتێکی دیکە کە پەیوەندیی بە منەوە نییە، ئەوەی دیار و ئاشکرایە بۆ هەموو لایەك کە لوبنانیش بەسەر چەند بەرە و لایەنێکدا دابەش بووە تەنانەت رۆژهەڵات و رۆژئاواشمان هەیە، جگە لەمە بەسەر تائیفییەت و مەزهەبیەتیشدا دابەش بووین، بەڵام من لەماڵێك پەروەردە بووم کە هەر لە سەرەتاوە دایك و باوکم فێری ئەوەیان کردووین ئەگەر لێیان پرسین ئێوە لەگەڵ کێن و دژی کێن؟ پێیان بڵێین ئێمە لەگەڵ لوبنانین، بۆیە ئەگەر لە ماڵێکی لەم شێوەیەدا بە منداڵی بەم شێوەیە پەروەردە کرای، کاتێك گەورە دەبی نابی بە کەسێکی سیاسی یان لایەنگری لایەنێك و دژایەتی لایەنێکی دیکەی بکەی، من لە ژیانی خۆمدا بە هیچ شێوەیەك دەستم لە سیاسەت وەرنەداوە و باسی سیاسەتی هیچ وڵاتێك و گەلێکم نەکردووە، تەنیا بیرم لەوە کردۆتەوە چۆن گەلانی جیهان بە وڵاتانی عەرەبیشەوە بە خۆشی و ئاشتی و سەقامگیری بژین و پەنا بە خوا ئەم رۆژە دەبینین کە بەم شێوەیە بژین.



# میریام کلینک:
# من جوانترین ئەستێرەی لوبنانیم

کچە ئەکتەر و مۆدێلی لوبنانی بە ڕەچەڵەک سربی میریام کلینك لە تەمەنێکی زوودا ڕووی لە بواری نمایشکردنی جلوبەرگ کرد و توانیی بەهۆی جوانیی سەرنجی زۆربەی دیزاینەرانی جلوبەرگی لوبنانی و جیهانیی بۆ خۆی ڕاکێشا و دواتریش بەشداری لە چەندین کلیپی هونەرمەندانی لوبنانیدا کرد، بەڵام بە کلیپی گۆرانی (عەنتەر) کە پێشکەشی پشیلەکەی خۆی کردووە مشتومڕێکی زۆری نایەوە،خۆی بە جوانترین ئەستێرەی لوبنانی دادەنێت ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەو ئەکتەر نییە، بەڵام بەهۆی هاندانی چەند کەسێکی نزیکەوە هاتووەتە نێو ئەو بوارەوەو ئازادیشە چی پێشکەش دەکات و لە وڵاتێکی دیموکراتی دەژیت کە هەموو کەسێك دەتوانێت تێیدا کار بکات و سەرەڕای ئەوەی کەسانێك ڕەخنە لە کارەکانی دەگرن لە هەمان کاتدا زۆر هەوادارێشی هەیە کە دەستخۆشی و داوای بەردەوامیی لێدەکەن. میریام بە نیاز بوو بەشداری لە پرۆسەی سیاسی لوبناندا بکات و لە هەڵبژاردنەکاندا خۆی بپاڵێوێت، بەڵام دواتر پاشگەز بۆوە لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەگەرچی من خۆم بە جوانترین کچە ئەستێرەی لوبنان دەزانم، بەڵام کچێکی جوان کاریگەریی بەسەر سیاسەتمەداراندا نابێت، بەڵکو بەرژەوەندییەکانیان زیاتر کاریگەریی بەسەریانەوە هەیە، چونکە گرنگترین شت بەلای لوبنانییەکانەوە ئەوەیە کە لەسەر کورسی دەسەڵات دابنیشن.
میریام، هەیفا وەهبیی خۆشدەوێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: من بە هیچ شێوەیەك تەقلیدی هەیفام نەکردووە، من ئەوم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بەراوردی نێوان من و هەیفا بکرێ، چونکە ئێمە زۆر لە یەکترییەوە جیاوازین لە هەموو ڕوویەکەوە.



# جوانیی (ڕانی مەکرجی) هەرایەکی زۆری نایەوە

بوونی ئەستێرەی سینەمایی ڕانی مەکرجی لە یەکێك لە گەڕەکە کۆنەکانی دەلهی بە مەبەستی وێنەگرتنی چەند دیمەنێکی فیلمی «Mardaani» کە نوێترین فیلمیەتی، قەرەباڵغییەکی زۆری نایەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆری هەوادارانی ڕوویان لە شوێنەکە کرد بۆ بینینی.
ڕانی لە گەڕەکێك خەریکی وێنەگرتن بوو کە بە گەڕەکێکی هێمن ناسراوە، بەڵام دوای بە هەواڵی هاتنیان زانی بە هەزاران کەس ڕوویان لە شوێنی وێنەگرتنی کردو هەواڵەکە بە هەموو شوێنە بازرگانییەکان گوازرایەوە و دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە بە سەدان کەس لە گەنج و منداڵان کۆبوونەوە بۆ بینینی ڕانی، بەڵام بۆدی گاردەکانی چواردەوری ناوچەکەیان گرتبوو بەتایبەتی ئەو باخچەیەی نزیك ئەو خانووە بوو کە خەریکی وێنەگرتن بوو و ڕێگایان نەدەدا هیچ کەسێك نزیکی ببێتەوە، ئەم مامەڵە توندەی بۆدی گاردەکان بووە هۆی ناڕەزایی و توڕەبوونی خەڵکی گەڕەکەکە بەتایبەتی بەساڵاچووان وبە کارێکی نابەجێیان دانا و ڕووبەڕووی بۆدی گاردەکان بوونەوە ئەمەش بووە هۆی بریندار بوونی چەند کەسێك، بەڵام سەرەڕای ئەمەش گەنجەکان خۆشحاڵ بوون بەوەی گەڕەکەکەیان بووە بە بەشێك لە فیلمێکی بۆلیۆد.
شایەنی وتنە فیلمی Mardaani لە دەرهێنانی برادیب سارکار و بەرهەمهێنانی ئەدیتیا شۆبرا و پاڵەوانییەتی ڕانی مەکرجی.



# ئەوانەی زۆرترین رەخنەیان لێدەگیرێت

گۆڤـــاری (فۆربس)ی ئەمریکی لیســـتی ساڵانەی خـــۆی بڵاوکـــردەوە ســـەبارەت بەو ئەستێرە و کەســـایەتییە ناودارانەی کە لە ساڵی رابردوو دووچاری زۆرترین رەخنە بوونەتەوە و هێرشـــیان کراوەتە ســـەر لەلایەن میدیاکان و خەڵکەوە.

لە ســـەرووی لیســـتەکەدا جاســـتین بیبری گۆرانیبێژی کەنەدی هات و لە پلـــەی دووەمیش کیم کارداشـــیانی ئەستێرەی تەلەفزیۆنی هات، هەروەها هەر یەکە لە کۆرنتی و کلۆی خوشکی کیم لەم لیستەدا ناویان هەبوو.

جاســـتین بیبەر نزیکەی ٧٦٪ی دەنگەکانی بەدەســـتهێنا بەمەش بە پێش کیم کەوت کە نزیکەی ٦١٪ی دەنگەکانی بە دەســـتهێنا، جگە لەم دووانە لیندســـی لۆهان و مایلی سایرۆس و هانی بوبوش ناویان لە لیستەکەدا هەبوو، لیستی دە کەس کە دووچاری زیاترین رەخنە بوونەتەوە لەلایەن میدیاکانەوە بەم شێوەیە بوو:

جاستین بیبەر ٧٦ ٪
کیم کارداشیان ٦١ ٪
لیندسی لۆهان ٥٩ ٪
مایلی سایرۆس ٥٧ ٪
هانی بوو بوو ٥٦ ٪
کریس جێنر - ٥٥ ٪
نیکۆل «سنوکی» بۆلیزی ٥٥ ٪
پاریس هیلتۆن ٥٣ ٪
کۆرتنی کارداشیان ٥٠ ٪
کلۆی کارداشیان ٤٩ ٪